## لە نێوان دوو دڵداردا شاردنەوەی نهێنی رەوا نییە

**نووسینی: ئۆشۆ**

پرسیار: لە رۆژهەڵاتدا جەخت لەسەر ئەوە دەکرێتەوە کە هەر یەکێك مەرجە لەگەڵ یەك کەسدا بژی، یەکێك و بەس، گەر پەیوەندییەکە کەوتە بازنەی خۆشەویستییەوە. لە رۆژئاوادا.. کەسەکان لە پەیوەندییەکەوە بۆ پەیوەندییەکی دیکە دڵ دەگۆرن. ئاخۆ تۆ کامەیان پتر پەسند دەکەیت؟
وەڵام: من بۆ خۆم خۆشەویستی پەسند دەکەم، واتا لایەنگیری ئەوینم و بەس.
رێگەم بدە با بۆت شی بکەمەوە: لەگەڵ خودی خۆشەویستی راستگۆ بە، بیر لە ژمارەی هاوبەشی ژیانت مەکەرەوە، یەك دانەیە یان پترە، ئەوەیان بابەتی سەرەکی نییە. پرسیارەکە ئەوەیە ئاخۆ لەگەڵ خۆشەویستیی خۆتدا راستگۆیت. ئەگەر تۆ لە تەك ژنێك یان پیاوێکدا بژیت و خۆشت نەوێت، لەوەدا تۆ گوناهباریت. ئەگەر تۆ هاوسەرێکت هەبێت و خۆشەویستیت بۆی نەبێت، لە هەمان کاتدا لەگەڵیدا بژیت و پێکەوەش بخەون، لەوەدا تۆ بەرامبەر بە خۆشەویستی گوناهباریت.
تۆ خۆشەویستی ئەتك دەکەیت و دژی دەوەستیتەوە، هەر هەمووشی بۆ خۆگونجاندن و ئاسوودەگی و ئەتەکێت و نۆرمی کۆمەڵایەتی. کارێکی هەڵەیە بچیتە گژ ژنێك وەك ئەوەی ئەتکی بکەیت و ئەو هەستەی پێ بگات کە تۆ پەلاماری دەدەیت. تۆ بێ ویستی ژنێك خۆی ئەتکی دەکەیت، ئەوەیان دەچێتە خانەی تاوانەوە ــ چونکە نە تۆ ژنەکەت خۆشدەوێت و نە ئەویش تۆی لە لا پەسندە. بەڵام هەمان شت روو دەدات گەر تۆ لەگەڵ ژنێکدا بژیت و خۆشت نەوێت. ئەوسا ئەوەشیان دەبێت بە ئەتککردن ــ کەچی لە رووی کۆمەڵایەتییەوە رەوایە، هەڵبەت، بەڵام هەر دەبێتەوە بە زەوتکردنی نامووسی کەسێکی دیکە ــ ئەوەش دژ بە رۆحی خۆشەویستییە.
کەواتە..وەك لە رۆژهەڵات باوە، خەڵکی بڕیاریان داوە بە درێژایی ژیان لە تەك یەك کەسدا بژین، هیچ هەڵەیەك لەوەدا نییە. ئەگەر تۆ لە بەرامبەر خۆشەویستیدا راستگۆ بیت، ئەوەیان یەکێکە لە شتە هەرە جوانەکان کە بتوانیت لەگەڵ یەك کەسدا بمێنیتەوە، چونکە هۆگری یەکدی دەبن و خوو بە یەکدییەوە دەگرن. بەڵام نۆهەد و نۆ دەر سەد ئەگەری ئەوە هەیە کە خۆشەویستیی تێدا نابێت، هەر ئەوەیە کە بە یەکەوە دەژین. زیندەگیی دووقۆڵی جۆرە پەیوەندییەکی تایبەت دەسازێنێت کە تەنها پێکەوە هەڵکردن و خۆگونجاندنە لە تەك یەکدیدا، بێ خۆشەویستی. کەواتە ناوی مەنێ خۆشەویستی.
بەڵام گەر بلوێت و بتوانیت کەسێکت خۆشبوێت، بکرێت بە درێژایی ژیان لە تەك ئەو کەسەدا بژیت، هۆگرییەکی قووڵ رەگ دادەکوتێت، دیوە شاراوەکانی ئەو ئەوینە خۆیانت پیشان دەدەن. بەڵام ئەگەر زوو زوو هاودەم بگۆڕیت، ئیدی ئاسان نییە پەیوەندییەکی وەها قووڵ دروست بێت. ئەوەیان لەوە دەچێت تۆ درەختێك لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە بگوێزیتەوە، پاشان شوێنێکی دیکە، کەواتە رەگوریشەی لە هیچ خاکێکدا داناکوتێت. هەر درەختێك پێویستی بەوە هەیە کە لە یەك شوێندا بمێنێتەوە تاوەکو رەگ دابکوتێت، ئەوسا قووڵتر و بەهێزتر بە ناو خاکدا رۆ دەچێت و لە سەرەوەش گەڵا و گوڵ دەردەکات.
هۆگربوونی گیانی بە گیانی باشە. خۆی جوانییەکی تێدایە کە پەیوەست بێت بە تاکە کەسێك، بەڵام پێویستیی سەرەکیی خۆشەویستییە. ئەگەر درەختێك لە شوێنێکدا رەگی داکوتابێت کە بەردەڵان بێت کە بێتە مایەی سیسبوونی درەختێك، ئەوسا چاکترە. کەواتە سوور مەبە لەسەر ئەوەی درەختەکە لە هەمان شوێندا بمێنێتەوە. راستگۆ بە لەگەڵ ژیان ــ درەختەکە هەڵبکێشە، چونکە ئێستە دژ و ناکۆکە بە ژیان.
لە رۆژئاوادا خەڵکەکان ئەگەری گۆڕانیان لەبەردەمدا هەیە ــ پەیوەندییەکی زۆر و زەبەند لەئارادا هەن. بە هەردوو باردا خۆشەویستی لەبەردەم هەڕەشەی مەرگدایە. لە رۆژهەڵات کە دەمرێت هۆکارەکەی ترسی خەڵکە لە دڵگۆڕین. لە رۆژئاوادا لە ئاکامی ئەو ترسەی مانەوە لە تەك یەك کەسدا بۆ رۆژگارێکی درێژ خودی خۆشەویستی دەکەوێتە ژێر هەڕەشەی نەمان و مردن ـــ دەترسن لە خۆبەستنەوە و ئەرکی بەرپرسیارییەتی. کەواتە بەر لەوەی ببێت بە کۆت و بەند یان ئەرکێك بە ئەستۆوە، وەرگەڕێ و بگۆڕێ، بۆ ئەوەی تا زووە ئازاد و بەڕەڵا بیت. کەواتە جۆرێك لە خووی سەرسەرییەتی لە کەڵڵەت دەدات، هەڵبەت بە ناوی ئازادییەوە، تا رادەیەك خۆشەویستی لەو نێوەدا ورد و خاش دەبێت، بگرە لە برسامردوو دەبێت. بە هەر دوو باردا خۆشەویستی ئازاری خۆی دەچێژێت. لە رۆژهەڵات خەڵکی بە دوای ئاسایش و دڵنیایی و خۆگونجاندن و رەزامەندیی کۆمەڵایەتیدا دەگەڕێن، لە رۆژئاوادا عەودالی سەربەستیی خۆویستانەی خۆیانن، خۆدزینەوە لە بەرپرسیارییەتی. بەڵام خۆشەویستی بە هەردوو باردا دەتلێتەوە و ئەشکەنجە دەدرێت.
من بۆ خۆم لە بەرەی خۆشەویستیدام و تەنها پشتگیریی خودی ئەویندارى دەکەم. من نە رۆژهەڵاتیم و نە رۆژئاوایی، زۆر بە لامەوە گرنگ نییە تۆ سەر بە چ گرووپ و کۆمەڵگایەکیت. من سەر بە هیچ کۆمەڵگایەك نیم، من وەك وتم لایەنگیری خۆشەویستیم.
بۆ هەمیشە ئەوەت لە یاد بێت: ئەگەر پەیوەندییەکەت ئەڤیندارانە بوو..خاسە. تاوەکو خۆشەویستی هەبێت، تۆش بمێنە و تیایدا بەهرەمەند بە، ئەوەندەی بۆ دەسازێت بە دڵ و کوڵ تیایدا بژی و لە بەرامبەردا خۆت بە بەرپرسیار بزانە و کاوەکاو مەکە، بە هەموو بوون و گیانتەوە خۆتی پێوە سەرگەرم بکە، چەندە بۆت دەکرێت خۆتی تێدا نوقم بکە..بیخۆرەوە و بتخواتەوە. ئەوسا خۆشەویستی توانای دەبێت کە وێنەکەی خۆی بگۆڕێت و

هەر ببێت بە تۆ.. هەڵگری رۆح و دەنگ و رەنگی تۆ. ئەگەر خۆشەویستی لەو نێوانەدا نەما و باری کرد، وا جوانترە تۆش بگۆڕێیت.. چیت داوە لە درۆکردن لەگەڵ خۆت و خۆشەویستی؟ بەڵام ئەوسا.. توو ناموست دڵ گۆرین و مەیل گۆڕین مەکە بە خوو و متووی پێوە بگریت. با نەبێت بە کراس یان پیشەی پیسی تۆ. وا مەکە ببێت بە خوو و رەوشتێکی میکانیکی کە ناچارت بکات کە دوای دوو یان سێ ساڵ بگۆڕێیت و بیگۆڕیت، هەر وەك ئەوەی کەسێك کە لە دوای دوو یان سێ ساڵ جارێك ماشێنەکەی بگۆڕێت، یان دوای ساڵێك. مۆدێلێکی تازە هاتووە، کەواتە تۆ چی بکەیت؟ ــ کەواتە ناچاریت ماشێنەکەت بگۆڕیت. لە ناکاو..رووبەڕووی خانمێکی تازە دەبیتەوە ــ لای تۆ جیاوازییەکی زۆری نییە.

ژن ..ژنە، وەك چۆن پیاویش پیاوە. هەموو جیاوازییەکان لاوەکین، چونکە بابەتی سەرەکی وزە و تین و تاو و گوژمە. وزەی ژن وزەیەکی مێینەییە. لە هەر ژنێکدا هەموو ژنەکان هەن، لە هەر پیاویکیشدا هەموو پیاوەکان هەن و نمایندەی هەمان توخمن. جیاوازییەکان رووکەشن، کەپووی یەکێکیان یان درێژترە یان کەمەکی کورترە، پرچی زەردە یان رەشە ــ جیاوازییەکان چکۆلەن، شتگەلێکی دەرەکین. لە ناوەوە و لە قووڵاییدا پرسەکە پرسی وزەی مێینە یان نێرینەیە. کەواتە گەر خۆشەویستی هەبوو.. لە دەستی خۆتی مەدە. بوار و هەلێکی پێببەخشە تاوەکو گەشە بکات. بەڵام گەر نەبوو، بیگۆڕە بەر لەوەی گیرۆدەی پەیوەندییەکی بێ خۆشەویستی بیت.

ژنێکی گەنج لە ناو بۆکسی دانپێداناندا چووە بەر دەم قەشە و لێی پرسی ئاخۆ رەوایە ئەو دەرمانانە بخوات کە رێگە لە سکپری دەگرن؟ قەشەکەش فەرمانی پێکرد:

′نەکەی بەکاریان بهێنیت چونکە هەر هەموویان دژی یاساکانی ئاسمانن، وا چاکترە یەك پەرداخ ئاو بخۆیتەوە.′

ژنەکە پرسی: ′ دوای جووتبوونەکە یان پێشتر؟′

قەشەکە وتی:′ نا .. هیچیان..لە بری دەرمانەکان بیخۆرەوە!′

تۆ لە من دەپرسی کە ئاخۆ پەیڕەوی شێوازە رۆژهەڵاتییەکە بکەیت یان رۆژئاواییەکە، وەڵامی من ئەوەیە: هیچیان، پەیڕەوی شێوازە پیرۆزەکەیان بکە. تۆش دەپرسی: مەبەستم لە شێوازە پیرۆزەکە چییە؟ ئاسانە.. لەگەڵ خۆشەویستیدا راستگۆ بە. ئەگەر خۆشەویستی هەبوو، هەموو شتێك رەوایە، ئەگەر نەبوو.. هیچ شتێك رەوا نییە. ئەگەر ژنەکەی خۆت خۆشناوێت، دەستی بۆ مەبە، چونکە ئەوەیان وەك ئەتك و سنووربەزاندن وایە. ئەگەر خانمێکت خۆشناوێت، بە درۆ مەچۆرە ناو پێخەفەوە، چونکە ئەوەیان دژی یاسای خۆشەویستییە، لەبەر ئەوەی خۆشەویستی یەکەمین و دوا یاسای بنچینەییە، تەنها ئەو کاتە هەموو شتێك رەوایە کە تۆ عاشق و ئاشوفتە بیت.

یەکێك پرسیارێکی لە ′ئۆگستین ـ ی هیپۆ′ کرد، ′من پیاوێکی زۆر نەخوێندەوارم و ناتوانم کتێبی پیرۆز و کتێبەکانی ئایینزانی بخوێنمەوە. گەر بتوانیت بە کورتی پەیامێکم پێ ڕابگەیێنیت. من زۆر دەبەنگم و هیچم لە یاد نامێنێت، لەبەر ئەوە دەخوازم کە تۆ پوختەیەك لە کرۆك و ناوەڕۆکی کتێبی پیرۆزم بدەیتێ، بۆ ئەوەی لە بیرم نەچێت و پەیڕەوی بکەم.′ ئۆگستین فەیلەسووف و پیرێکی دانا و مەزن بوو، چەند وتار و پەندی بە خەڵکی بەخشیبوو، بەڵام تا ئەو حەڵە هیچ کەس داوای تەنها نویشك و پەند و پوختەی ئەو هەموو پەیامانەی نەکردبوو. چاوەکانی داخست و بۆ چەندەها سەعات بیری کردەوە، کابرا حەوسەڵەی نەما و وتی، ′ تکایە.. گەر دۆزیتەوە پێم بڵێ چونکە گەرەکمە بڕۆم، وەك دەبینی چەندین سەعاتە چاوەڕوانم.′ ئۆگستین پێی گوت، ′من ناتوانم بێجگە لەم پەیامە هیچی دیکە بدرکێنم: خۆشەویستی..ئەویدیکەت خۆشبوێت و ئیدی هەموو شتێك بۆ تۆ رەوایە..خۆشەویستی و بەس.′

عیسا دەفەرموێت، ′خودا خۆشەویستییە.′ من حەز دەکەم پێت بڵێم کە خۆشەویستی خودایە. گەر هەرچی هەیە سەبارەت بە یەزدان لە یادت کرد، بگەڕێوە بۆ خۆشەویستی، چونکە خۆشەویستی هەموو شتێکی پێدەکرێت. بایی ئەوەندە ئازا بە کە لە تەك خۆشەویستیدا بە هەمان رێگادا بڕۆیت، رەچاوی شتی دیکەی ناوێت. ئەگەر رەچاوی خۆشەویستی بکەیت، هەموو شتەکانی دیکە شیاو و فەراهەم دەبن.

یەکەمین شت کە مەرجە بیزانیت ئەوەیە کە پێویستت بەوە نییە زیندەگیی خۆت لەگەڵ هیچ کەسێکدا دابەش بکەیت کە خۆشت ناوێت، جا ژن بێت یان پیاو. لە پێناو هەوەس و ئارەزوو مەیکە. لە خۆت رابمێنە و بزانە ئاخۆ تۆ ئامادەیت لە تەك ئەو کەسەدا رۆحی بەرپرسیارییەتی لە ئەستۆ بگریت. تا ئەو شوێنە پێگەیشتوویت کە پەیوەندییەکی قووڵی لە تەکدا دابمەزرێنیت؟

ئەو کاتەی ئەو پەیوەندییەت دامەزراند، وا بکە راستگۆیانە هەڵبکەوێت. خۆت لە خۆشەویستەکەت یان دۆستەکەت مەشارەوە ــ راستگۆ بە. هەر هەموو ئەو رووخسار و رووبەندانە لابدە کە فێریان کردوویت بەکاریان بێنیت. هەموو دەمامکەکان فڕێ بدە. راستگۆ بە. دڵت بخە سەر دەستت، رووت و قووت خۆت پیشان بدە. لە نێوان دوو دڵداردا شاردنەوەی نهێنی رەوا نییە، گەر بوو بەڵگەیە کە خۆشەویستی لە ئارادا نییە. هەموو نهێنییەکان ئاشکرا بکە. ئەوەیان سیاسەتە، نهێنیپارێزی رەوشتی ناو جیهانی رامیارییە. لە خۆشەویستیدا شاردنەوەی نهێنی راست نییە. هەر خولیا و خەیاڵێك بە دڵتدا گوزەر دەکات مەرجە خۆشەویستەکەت ئاگادار بێت. وا پێویست دەکات ئەو دوو کەسە ئەویندارە روون و ئاشکرا بن. هێدی هێدی هەست بەوە دەکەن کە لە رێگەی یەکدییەوە دەگەن بە بەرزترین ئاستی ئاوێتەبوون و تێکەڵبوون.

بە دیدەنی خانمەکە لە دەرەوەڕا، گەر راستەقینە بێت، بکەونە داوی یەکدییەوە ــ واتا لە بەرامبەر ئەودا خۆت بە بەرپرسیار بزانیت، ئاوێتەی بیت و لەگەڵیدا بتوێیتەوە ــ هێواش هێواش وای لێدێت کە بەو ئافرەتە بگەیت

کە لە ناو خۆتدایە، تۆش بە دیداری ئەو پیاوە شاد دەبیت کە لە ناو تۆدایە. ژن لە دەرەوەڕا ڕێگایەکە بۆ گەیشتن بە ناوەوەی ژن، بە هەمان ئەندازە پیاو لە دەرەوەڕا بەردەبازێکە بۆ گەیشتن بە ناوەوەی پیاو.

**سەرچاوە:**

**OSHO**
**Love, freedom, aloneness**
**St. Martin's Griffin**
**New York**
**Copyright: 2001**
**www.osho.com**